# بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی قەدیسەین ئەلبومەکەی دوا دەخات

بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کەنیسەی قەدیسەین کە ڕۆژی سەری ساڵ لە ئاکامی پەلامارێکی تیرۆریستیدا گیانیان لەدەست دا، سترانبێژێکی ناسراوی عەرەب بڕیاری دا کە ئەلبومە نوێکەی ڕابگرێ و بەو زووانە نەیخاتە بازارەوە.

دوایین ئەلبوومی هونەرمەند کلاودیا کە ناوی 'ئەلوەقت دە'ی بۆ دانرابوو، ماوەیەک لەمەوبەریش ڕیکلامی بۆ کرابوو، پۆستەرەکانی هەڵواسرابوون، بەهۆی کارەساتی دڵتەزێنی کەنیسەی قەدیسەین دواخراوە.

کلاودیا بە میدیاکانی ڕاگەیاندوە، وێرای ئەوەی کە بەر لە ساڵی نوێ بانگەشەی ئەوەمان کردبوو کەلە یەکەمین هەفتەی ساڵی ٢٠١١دا نوێترین ئەلبوومی خۆم بخەمە بەردەستی هەوادارنی گۆرانی و مۆزیک، بەڵام ڕوودانی کارەساتی هێرشکردنە سەر کەنیسەی قەدیسەین لە شاری ئەسکەندریە کە لەئاکامدا بیست و دوو مرۆڤی پاک گیانیان لەدەست داو حەفتاو نۆی دیکەش بریندار بوون، من بڕیارمدا کە بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەم دوابخەم.

کلاودیا ئاشکرای کردوە کە دواخستنی ئەلبوومەکەی بەنیشانەی هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی قوربانیەکان و هاوسۆزی بۆ بریندارەکان بڕیاری لێدراوە.

کلاودیا بە هەناسەیێکی ساردەوە بە میدیاکانی گوتوە کە ئیدی بە بڵاوبوونەوەی ئەلبوومەکەی خۆشحاڵ نیە، چونکە کارەساتی کەنیسەی قەدیسەین کاریگەری زۆری دەروونی بۆ پێشهێناوە، ناکرێ کە خەڵکی میسر لە پرسەدابن و ئێمەش ئاهەنگ سازبکەین و ئەلبوومەکانمان بڵاوبکەینەوە.

جێی ئاماژەیە کە ئەلبوومەکەی کلاودیا شەش گۆرانی لەخۆی گرتووە، سێ گۆرانی بە زاراوەی میسری و سێیەکەی دیکەش بە زاراوەی عێراقی دەچرێ.

ئەو سێ گۆرانیەی کە بە زاراوەی میسری گوتراون، بریتین لە: (بندم أوی، یحنن و الوقت ده)، هەروەها ئەو سێ گۆرانیەی کە بە زاراوەی عێراقیشن بریتین لە: (أحبک، تجافینی و أنت العراقی). ئەو ئەلبوومە لەلایەن کۆمپانیای میلۆدی بەرهەم هێنراوە، واشچاوەروان دەکرێ لەکاتی بڵاوکردنەوەیدا پێشوازییێکی بەرفراوانی لێبکرێ.

هەرچەندە کە کلاودیا بۆ خۆی خەڵکی عێراقە، بەڵام هەوڵی داوە سوود لە زاراوەکانی دیکەش وەربگرێ، وەک خۆی گوتویەتی: هونەر پەیامێکە بۆ گەیاندن و لێکنزیک بوونەوەی گەلان.

ئامادەکردنی: سۆزدار



# ژوانگە

## پێشینەکە زیادکەن

نرخی زێڕ لەبازاردا زۆر بەرزبۆتەوە نرخی خانووش زۆر بەرزە و کرێش وەکو موچەی بێپاشەکەوت وایە، ئەگەرچی سەدان کۆمپانیای جۆراوجۆر خەریکی دروستکردنی باڵخانەی بەرزن، بەڵام نرخی خانوو هیچ گۆڕانێکی بەسەردانەهاتووە، پەرلەمانی کوردستان ئێستا سەرقاڵی پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای پێشینەی هاوسەرگیریە، تا نوسینی ئەم بابەتە، پڕۆژەکە پەسەندنەکراوە و بەبێهەبوونی هیچ پاساوێکی دروست و یاسایی دوادەخرێت ئەمەش جگە لەئازاردانی هەستی گەنج و لاوانی ئەم کوردستانە شتێکی تری لێ بەرهەم نایەت. پەرلەمانی کوردستان زۆر پڕۆژەی خستەڕوو بەشێکی پەسەند کرا و بەشێکیشی ڕەتکرایەوە بەڵام شکور بۆ خوا ئەمجارە باس لەپڕۆژەیەک دەکەن کە لەگەڵ یاسای خۆپیشاندان جیاوازیان ئاسمان و ڕێسمانە، ئەم یاسایە نیگەرانی و نارەزایەتی لێاکەویتەوە ئەگەر بەقسەی هەڤالانی کۆمەڵ و یەکگرتوو بکەن و بیکەن بەپێنج ملیۆن دینار خۆ ئەگەر پێنج ملیۆنیش بێت،دەبێت هەندێکی بۆ قەرزبکەین تاوەکو دەست بخەینە ناو دەستی بووکە خان من جگە لەوەی دەڵێم پێنج ملیۆن دینار باشە بەڵام هێشتاش کەمە چونکە ئەگەر پەرلەمانتارە ئازیزەکان لێم زیز نەبن و سکالام لەسەر تۆمارنەکەن چونکە پارەم نیە ئایا ئەگەر ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست ژن بۆ کوڕەکەتان بخوازن بەپێنج ملیۆن دینار دەتوانن چی بکەن؟ تاوەکو ئێمە بتوانین !! گومانم لەوەش نیە ئەگەر کچەکەشتان بەشوو بدەن ئەگەر لەکورەکەتان زیاتر مەسرەفی بۆ نەکەن کەمتری بۆ ناکەن جا کوردەواری جوانیان فەرمووە کەدەڵێن بەچاو سەیرکەن بەدڵ ڕەحم کەن.

پەرلەمانتارانی بەڕێز خۆتان باش دەزانن ئیمرۆ هەموو شت مۆدیلی گۆڕاوە ژن هێنانیش مۆدیلەکەی گۆڕاوە دەبێت تەواوی پێداویستیەکانت کەبۆ بووکە خانی دەکریت هێشتا نەکەوتبنە بازارەوە جالەبەرئەوە نوێنەری باش بن لەپەسەندکردنی ئەم یاسایە دڵسۆزی خۆتان بۆ کچان و کورانی کوردستان نیشان بدەن و ڕێژەکەی زیاد بکەن تاوەکو ئێمەش وەکو گەنجانی کوردستان ئەم بەهارە بکەینە بەهاری نوێبوونەوەی کوردستان سەیرانگاکانی کوردستان بەئاهەنگی بووک گواستنەوە برازێنینەوە لە دوعای خێریش بێبەشتان ناکەین.

دیاری محەمەد

diarypress@gmail.com

# ڕۆژانە شیر بخۆرەوە چونکە پارێزگاری لەدڵ دەکات



پزیشکانی ئەمەریکی لە زانستگەی هاوارد بەهاوکاری ٢١ توێژینەوە لە ئەوروپا و ژاپۆن، هەروەها بە کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر ٣٥ هەزار کەس، گەیشتوونە ئەو ئەنجامەی کە خواردنەوەی ٣ پەرداخ شیر لە ڕۆژێکدا دەتوانێ ١٨% مەترسیەکانی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ کەم بکاتەوە.

پزیشکانی دڵ هیچ جۆرە پێوەندییەکیان لە نێوان خواردنی ڕێک وپێکی ماددەی شیرەمەنییەکان و مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ وجەڵتەی مێشک نەدۆزییەوە، بەهۆی ئەوەی کە شیر زۆر چالاکانە پارێزگاری لەدڵ دەکات.

پزیشکان دەڵێن؛ شیر لەسەرچاوەیەکی سرۆشتی ماددەی خۆراکی سروشتیە، لەوانە کالسیۆم ،پتاسیۆم ،پرۆتیین، واتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە، ئەوەش وادەکات کە بەرهەمە شیرەمەنییەکان پێشگیری لە نەخۆشیەکانی دڵ بکەن و هێزو توانای بەرگری پێببەخشن. ئەوەش وا یکردوە کە بەرهەمە شیرەمەنییەکان بۆ مرۆڤ زۆر گرنگ و پێوست بن .

بە قسەی زانایان، بە کارهێنانی ڕژێمێکی خۆراکی کە سەرچاوەکەی چەوری سوودمەندی وەک ماددەی شیرەمەنییەکان بێت، کاریگەری ئەرێنی نابێ و هیچ جۆرە مەترسییێک لەسەر دڵ پەیدا ناکات.

پزیشکان پێشنیار بۆ تۆی مرۆڤ دەکەن کە ڕۆژانە سێ پەرداخ شیر بخۆیتەوە، چونکە پێیانوایە کە پێشگیری لەو نەخۆشیانە دەکات کە هێرش دەکەنە سەر دڵ و دەیانەوێ لەناوی ببەن.

سەرچاوە: بی بی سی

# محەمەد دەڵێ: بمبوورن



محەمەد عەبدولمەجید لەدوایین کاری هونەری خۆیدا گۆرانی 'بمبوورن'ی بەرهەمهێناوە.

محەمەد عەبدولمەجید لە لێدوانێکی بۆ میدیاکان گوتویەتی: (خۆشبەختانە کۆتایم بەدوایین کاری هونەری خۆمهێناوە کە کلیپکردنی گۆرانی بمبورن بوو).

جێی ئاماژەیە کە تێکستی گۆرانیەکە لەهۆنراوەی گۆران رواندزی و زامدار زرارە ، ئاواز و دابەشکردنی هی سترانبێژ خۆیەتی. هەروەها خالید محەمەد کاری دەرهێنان و وێنەگرتنی لەچەند لۆکێشنێکی جیاوازدا بۆ کلیپەکە کردووە و بەشێوەیەکی سەردەمیانە وبە ئامێری پرۆفیشناڵی ڤیدیۆیی کلیپەکەی بەرهەم هێناوە.

وەک دەگوترێ کە دڵدار جاف کاری بۆنتاژی بۆ ئەنجامدەدات، ئەو هونەرمەندە لە ڕێی ئەو گۆرانیەوە دەیەوێ سەرنجی زیاتری خەڵک بەلای خۆی ڕابکێشێ.

# خزمەتکاری عادل ئیمام زیندانی دەکرێ



هەرچەندە کە عادل ئیمام، هونەرمەندی ناوداری میسر بە مرۆڤێکی دڵپاک و پڕ بەزەیی دەناسرێ، بەڵام لە دادگەدا سکاڵای دژ بە خزمەتکارەکەی تۆمارکرد، بەوهۆیەوە دەستگیرو زیندانی کراوە.

عادل ئیمام خزمەتکارەکەی خۆی بەوە تۆمەتبارکردوە کە ڤیزە کارتەکەی لێدزیوەو پارەیەکی زۆری لە بانک ڕاکێشاوە، هەروەها ئاشکرای کرد کە ئەو خزمەتکارە پێشینەی دزی هەیە، چونکە پێشتریش ڤیزە کارتی یاسەمین غەزالی، هاوسەری ڕامی ئیمامی دزیوە.

لەبەردەم دادوەردا ئەو خزمەتکارەی عادل ئیمام کە سودانیە، دانی بە تاوانەکەی داناو ئاشکرای کرد بەهۆی ئەوەی دووچاری ڕەوشێکی دارایی خراپ ببۆوە، بۆیە بیری لەو کارە کردۆتەوەو دزی لێ کردوون.